# چەکدارانی داعش هێرشیان کردووەتە سەر سوپای عێراق لە سنووری مەخموور و قوربانی هەیە

لە سنووری شارەدێی قەراجی سەربە قەزای مەخموور، چەکدارانی داعش هێرشیان کردووەتە سەر سوپای عێراق و بێپێی زانیارییە سەرەتاییەکان قوربانی هەیە.

سەرلەبەیانی ئەمڕۆ شەممە (2ـی کانونی یەکەمی 2023)، چەکدارانی داعش لە سنووری هەردوو گوندی قەراج هێرشیان دژ بە سوپای عێراق ئەنجام داوە.

هێرشەکە بە سەر هەردوو گوندی دووسەر و عەلیە ڕەش بووە کە بنکەی سەربازیی سوپای عێراقی لێیە و بێپێی زانیارییەکان ئەفسەرێک گیانی لەدەستدا و دوو بریندار لە ڕیزی سوپای عێراقدا کەوتوە.